# گوزارەی نەوەی دووەمی کورد لەهەندەران

## بێ وڵات ..

مستێکی لێ ڕاست کردەوە چاوی تێبڕی .. کەتەی ڕەشی تەڵخ ، پرچ لوولی کەپوو فش تا بڵێ ی ئێسکگران ، جگە لەڕوخساری گەر بیناسی ناوەرۆکی چەوتەی شەڕانگێز ، دەروون نەخۆشی خۆبەکەمزان ، ئەوانە بەشێکی خوی هەرزە کوڕە باشوری سودانیەکەیە . باسکەکانی وەرزش پێکردبوو بەهێزەوە ناوشانی مەسولکەئەنداز هەڵچنی بوو هێندە هەڵەشە بەگژ هەموو شتێکدا دەچۆوە ، تڕوتیزی بەهەمووان دەکرد منداڵەکانی گەڕەک و خوێندنگای مەیلەو تۆقاندبوو زۆربەیان خۆیان لێ لادەدا ! ئەوە جاری یەکەمی نەبوو چەندانی تری چاوبەگریان لەخوێن گەوزاندبوو .. لەچاوتروکەیەکدا تێیسرەواند لەدوڕ چاوی دا گێژی کرد بەربۆوە نەیتوانی هەڵسێتەوە . لەگەڵ حریتەی خۆشی منداڵەکانی دەورووبەر ، ناوبژیوانەکان دەستیان گرت لاوە کوردەی هەندەرانی خوێن گەرمی شاناز بەکوردایەتی بەدەم ڕقەوە لەتاوان گریا گۆتی: تا دوێنێ خۆی بێ وڵات بوو ئێستا بەجوێن بەمن دەڵێ: بێ وڵات ، هەزارجار پێم گۆت: من وڵاتم هەیە کوردستانە بەڵام دەوڵەتم نی یە !

دلشاد تاقانە



Dlshadtakana@yahoo.com